پۆلیسی ئیتاڵیا گروپێکی قاچاغی دەستگیرکرد کە تاوانبارن بە گواستنەوەی هەزاران کۆچبەر

پۆلیسی ئیتاڵیا ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند 29 کەسیان دەستگیرکردووە بە تەمەتی سەر بە تۆڕێکی گواستنەوەی کۆچبەران لە تورکیا و یۆنانەوە بە باکوری ئەوروپا لە ڕێگەی ئیتاڵیاوە.

بەگوێرەی پۆلیسی کالەبریا لە باشوری نیمچە دوورگەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ساڵی 2018 دەستیپێکردووە و ڕێگەی بە ئاشکراکردنی "گروپێکی تاوانکاری" داوە کە لقێکانی لە یۆنان و ئیتاڵیا و تورکیا چالاکن، کاربەدەستێکی باڵای پۆلیسی ئیتاڵیا "فرانشیسکە میسینا" وتی، "ئیتاڵیا لێکۆڵینەوەی کردووە لەگەڵ هەزێکانی ئاسایشی ئینتەرپۆل و یەرێپۆل و تورکیا و یۆنان و بەلجیکا و ئەڵمانیا و سویسرا و بریتانیا و مەغریب".

پۆلیس لە ڕاگەیەندراوەکدا وتی، "کۆچبەرەکان حەوت بە 15 هەزار یۆرۆیان داوە بە گەشتکانیان بە ئەوروپا و ئەو بڕە پارەیە دەدەن بە لقی ڕێکخراوە تاوانکارییەکە لە ئاکسارەی ناوەندی تورکیا، کە دەیانگوازنەوە بە یۆنان بەتایبەتی بە بەندەری سالۆنیکی و دواتر بە ئەسینا و پاتراس کە بە بەڵەمی دەریاوانی گواستراونەتەوە"، هەروەها کۆچبەران ڕاستەوخۆ لە کەناراوەکانی تورکیاوە دەگوازرێنەوە بە

باشووری ئیتاڵیا.

بەگوێرەی وەزارەتی ناوخۆی ئیتاڵیا، لە سەرەتای ئەمساڵەوە زیاتر لە 45 هەزار کەچبەر گەیشتوونەتە ئیتاڵیا، ئەمەش چوار ئەوەندەی ئەو ژمارەیە کە گەیشتووەتە ئیتاڵیا لە ساڵی ڕابردوودا.